The Social Democratic Party of Kurdistan

Parti socialdemokrati Kurdistan (rojhelat)

# دزی و تاڵانی کولتوریی و مێژوویی

دزی و تاڵانی کولتوریی و مێژوویی کورد لە لایەن دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەرەوە مەحکوم دەکەین

زۆرینەی موزەکانی ئورووپا پڕن لە ئاسەواری وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا و هەروەها نەتەوەکانی ئوسترالیا و نیوزلەند کە ئێستا نەماون.
کۆلۆنیالیزمی ئورووپا بێ لە داگیرکردن و دزی و تاڵانیی هەروەها هەموو ئەو شتانەیشی دەبرد کە گرانبەها بوون، یاخود بەلایەوە جوان و دڵگیر بوو. ئەڵبەت زۆرێك لەو بردن و تاڵانیانە هەر ئەوە نەبوو ئەو شتومەکانە گرانبەها و جوان بن، بەڵکو ئەوە بوو کە کۆلۆنیالیزمی ئورووپا دەیویست ڕیشە و ڕەگی ئەو نەتەوانە لە بناخەوە دەربکێشێت.

هەرچەندە خۆشبەختانە گەلێك لە وڵاتانی جیهانی داگیرکراو ڕزگاربوون و زۆریان کەلەپوری بەنرخیان گەیشتەوە دەست، بەڵام هێشتا زۆرێك لەو نەتەوانە ناچارن ڕوو بکەنەوە ئەرشیف و موزەکانی ئورووپا بۆ ئەوەی بتوانن ڕاستیی لە سەر خۆیان بزانن و شتومەکی دۆکۆمێنت و موستەندی (بسەلمێنیان) دەست بکەوێت.

ئێستا ئەو دەوڵەتانەی کورد و کوردستانیان داگیرکردووە نە هەر لەوە کەمتر ناکەن، بەڵکو زۆرتر و خراپتریش دەیکەن. ئەوە لە لاوە بووەستێت کە ماڵ و سامانی سەرزەوی و بنزەوی کورد تاڵان دەکرێت هاوکات کە بێکار و برسیی دەهێڵرێتەوە، بەڵکو هەموو ئاسەوار و کولەپورێکی دۆزراوەی دەدزرێت و دەبردرێت. هەندێکیان لە موزەکانی ئێران بە ناوی "ئێرانیبوون" دادەنرێت و هەندێکیان کە ئیتر نەتوانرێت مۆری ئێرانیبوونی لێ بدرێت و لە ناو باندەکانی دەسەڵاتدا ونی دەکەن.

دەوڵەتی تورکیا بۆ نموونە نە هەر چالاکانە ئەو کارە ئەنجام دەدات، بەڵکو بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دەیەوێت گەورەترین شارستانیی ناوچەکانی دەوروبەری "حەسەنکەیف" بخاتە ژێر ئاو لە ژێر ناوی دروستکردنی پرۆژەی ئاوەدانیی. ئەوی بە لە ڕووی پروپاگەندەوە بە کەڵکی ئەم داگیرکارانە نەیەت، زۆر بە هاسانیی دەتوانن گڕی تێ بەربدەن و بیکەن بە ژێر ئاوەوە.



Bankkonto: 310-7679 info@psdkurdistan.org
www.psdkurdistan.org

دەوڵەتی ئێرانیش هەر وەکۆ هاوپیمانانی، چالاکانە ئەم کارە دەکات. هەر کولتور و ئاسەوارێکی دێرینی کورد بە قازانجی مەرامی داگیرکەرانەیان نەیەت و بە شێوەیەك قازانج بەو دەستەڵاتە بچووکە شیعەمەزهەبیەی سەر حوکم نەگەیەنێت، سەرنگون دەکرێت. هەر لە بێستونی کرماشانەوە تا بە زێوەی سەقز و رەبەتی سەردەشت و ورمێ و شارەکانی دیکەی کوردستان دەگات.

هەواڵی بەدیارکەوتنی تەرمی مۆمیاکراوی پادشایەک لە گۆڕستانی شارۆچکەی زاگرۆسی شاری سنە یەکێکە لەو باسانەی دیکە کە ئێستا سەرتاپای کوردستانی گرتووەتەوە. ئەم جارە زێڕ و تەڵا نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو تەرمێکە، بە هۆی ئەوەی کە ماوە، لەوە دەچێت مۆمیاکراو بێت. دیارە وێنەی ئەوە لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت بلاوبووەتەوە.

هەرچەندە ئێمە، وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) هیچ چاوەڕووانیەکی ئەرێنیی و ئینسانیمان لە دەوڵەتی ئێران نییە، و دەزانین ئێرانێك کە تەرمی تیرەبارانکراوی سی ساڵی رۆڵەکانی ئەم گەلە قەرزدارە، نایەت تەرمی هەزار ساڵە کۆنمان پێ بداتەوە، بەڵام داگیرکار چەندیش دڕندە و بێ کولتور و ببێ فەرهەنگ بێت، ناتوانێت لە بەرپرسایەتی کارەکانی خۆی ڕا بکات.

هەموو ئەوانەی لە بازنەی یەکەمی ئەو داگیرکردنەدان و ئەوانەی کۆمەك و پشتگیریی پێ دەکەن یاخود ئێستا بێدەنگن و بێدەنگ دەمێننەوە، مێژوو و گەلی کوردستان لێیان خۆش نابێت،

بە پێی هەموو نەریت و یاسایەکی مرۆڤایەتی نووسراوە و نەنووسراوە، ئەوا دەبێت ڕیز لە مولکی سەرزەمین و بنزەمینی خەڵك، و لەوانە نەتەوەی داگیرکراو، بگیرێت.

قسەی تێدا نییە کە هەوڵی لەو جۆرە بۆ ئەوەیە ئاسەواری هەمەجۆری بە نرخی نەتەوەی کورد بفەوتێنن یان مۆری ئێرانی و ئێرانیبوونی لێ بدەن.

ئێمە ئەو کارانە بە کاری بێ کولتوریی و بێ فەرهەنگیی تایبەت بە داگیرکەریی دادەنێین و بە توندی مەحکومی دەکەین. داوا لە خەڵکی کورد دەکەین کە وریایانە وەدوی زانیاری بکەون و لە کاتی دۆزینەوەی شتی لەو جۆرەدا هەوڵ بدەن تا ئەو ئاستەی دەکرێت بە نهێنی بهێڵرێتەوە و دەسەڵاتدارانی داگیرکاری لێ ئاگادار

## The Social Democratic Party of Kurdistan

**Parti socialdemokrati Kurdistan** (rojhelat)


نەکەن، بەڵکو پلان دابنرێت کە چۆن بە باشترین شێوە جیهانی لێ ئاگادار بکەنەوە کە داگیرکاران نەتوانن ئەو شێتە مێژووییانە لە ناو ببەن.

دیارە کورد و هەموو ئەو نەتەوانەی دیکە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیاون جۆرێك لە کەلەپور و ئاسەواریی فیزیکیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە. ئەو ئاسەوارانە نرخێکی مێژوویی و کولتورییان بۆ خەلکی دەوروبەر و جیهان بە گشتیی هەیە و دەبێت لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئێمە وەکوو پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) پێمان وایە دەلیلی سیاسیی لە پشت ئەو شوێنونکردن و دیزەبەدەرخۆنەوەیە کە جمهوری ئیسلامی ئێران لە کوردستان دەیکات. لەبەرئەوە بێدەنگ نامێنین و دژایەتی دەکەین ودروشمی خۆمان "هێزی داگیرکاری ئێران لە کوردستان بۆ دەرەوە" دووپات دەکەینەوە.

زوو یان درەنگ ماڵ هەر دەبێت بۆ خاوەنەکەی بگێڕدرێتەوە!

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٨/١١/٢٢




Bankkonto: 310-7679 **info@psdkurdistan.org**
**www.psdkurdistan.org**